*Journal of Language Studies.* **Vol. 4, No. 4, Summer 2021, Pages (435-462)**

IRAQI Academic Scientific Journals

المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# The Style of Poetry in the Poems of Ahmed Hardy at the Word Level

**Instr. Beston Adel Ali** *
**Kirkuk University**
**E-mail:** bestoongli@uokirkuk.edu.iq

**Keywords:**

-Ahmad Hardy

-Style

-Poetry

-Feelings

## Article Info

**Article history:**

**Received: 16- ٨-2021**
**Accepted: 1-٩-2021**

**Available online**

## Abstract

This research entitled ((The Style of Poetry in the Poems of Ahmed Hardy at the Word Level)) consists of the introduction, two chapters, the conclusion, the results, the list of sources, references, and the summary in both Arabic and English.

The first chapter consists of two sections: The first section deals with the concept and term of the poetic style, its emergence and growth, and the second section deals with the reasons for influencing the style and the types of style. The second chapter also consists of two sections: the first section deals with word displacement, the phenomenon of introduction and delay, word repetition, and the phenomenon of word addition. As for the second and final section, it dealt with the poetic image, especially the sensory image, myth and symbol. In the conclusion, the most important findings of the research were presented.

* **Corresponding Author**: **Instr.** Beston Adel , **E-Mail**: **:** bestoongli@uokirkuk.edu.iq
**Tel:** +964٧٠٠٩٢٩٤٩٤ , Affiliation : Kirkuk University –Iraq

# اسلوب الشعر فی اشعار الشاعر احمد هردی علی مستوی الكلمة

**م. بيستون عادل علي**

**جامعة كركوك قسم اللغة الكردية**

| **الكلمات الدالة:-** | **الخلاصة:** هذا البحث بعنوان ((اسلوب الشعر فی اشعار الشاعر احمد هردی علی مستوی الكلمة )) يتكون من المقدمة وفصلين والخاتمة والنتائج وقائمة المصادر والمراجع والملخص باللغتين العربية والانكليزية.<br>يتكون الفصل الاول من مبحثين : المبحث الاول يتناول مفهوم ومصطلح الاسلوب الشعري و ظهوره ونموه. وتناول المبحث الثاني اسباب التأثير على الاسلوب و انواع الاسلوب. أما الفصل الثاني ايضا يتكون من مبحثين : المبحت الاول يتناول انزياح الكلمة و ظاهرة التقديم والتأخير و تكرار الكلمة وظاهرة اضافة الكلمة. أما المبحث الثانی والاخير فقد تناول الصورة الشعرية وبالاخص الصورة الحسية والاسطورة والرمز .وفي الخاتمة تم عرض أهم النتائج التي توصل البحث إليها. |
|---|---|
| –أحمد هاردي<br>– الأسلوب<br>– الشعر<br>– الحسية<br><br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>**الاستلام : ١٦-٨-٢٠٢١**<br>**القبول : ١-٩-٢٠٢١**<br><br>**التوفر على النت** | |

# شێواز لە هۆنراوەكانی ئەحمەد هەردی لە ئاستی وشەدا

**م. بێستون عادل عەلی**

**زانكۆی كەركوک ـ كۆلێژی پەروەردە – بەشی كوردی**

پێشەكی

ئەم لێكۆڵینەوەیە بەناونیشانی ( شێواز لە هۆنراوەكانی ئەحمەد هەردی لە ئاستی وشەدا) لێكۆڵینەوەیەكە بۆ دەرخستنی شێوازی شیعرەكانی ئەحمەد هەردی لە ئاستی وشەدا.

- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە :

دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتی شــێواز وەک بابەتێک کە لە دونیای ئەمرۆدا بابەتێکی بەر بڵاو و چالاکە .هەروەها تا ئێســـتاش لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە لە ســـەر شـــیعرەکانی شـــاعیر ( ئەحمەد هەردی) نەکراوە ، کە یەکێکە لە شاعیرە پایە بەرزەکانی میللەتەکەمان و خاوەنی شیعری بە پێز و تەڕ و پاراوە

- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە.

- پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشـــەکی و دوو بەش و ئەنجـام و لیســـتی ســـەرچاوەکان پێکهاتووە لە بەشـــی یەکەمدا لە دوو تەوەر پێکهاتووە . تەوەری یەکەم باســـی چەمک وپێناســـە شـــێوازو ســـەرهەڵدان و گەشەسەندنی شێوازمان کردووە. لە تەوەری دووەم باسی هۆکارەکانی کاریگەری و جۆرەکانی شـێوازمان خسـتۆتەڕوو . هەروەها بەشـی دووەم بە هەمان شـــێوە لە دوو تەوەر پێکهاتووە لە تەوەری یەکەم باســـی هەریەک لە لادانی وشـــەیی و پاش و پێشـــخســـتن و دووبارەکردنەوەی وشــەو دیاردەی زیادکردنی وشــەمان کردووە . لە تەوەری دووەم و کۆتاییدا باسی وێنەی شیعری و ئەفسانە و و ڕەمز کراوە لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامەکانمان بە چەند خاڵێک خستۆتەڕوو .

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم

## چەمک و پێناسەی شێواز

شـــێواز لە زۆربەی بوارەکـانی ژیـانی ڕۆژانەمـانـدا ڕەنگی داوەتەوە ، شـــێوازی هەر مـرۆڤـێـک بـۆ مـرۆڤـێـکـی تـر جـیـاوازە و هەر مـرۆڤ تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە ، چ لە ئاســـتی دەربڕین بێت یان بینین یان شێوازی ڕەفتاری ، هەروەها (( بنەچەی وشەی شێواز (style) کە ئەمڕۆ بەکاردێت لە وشــــەی (stilus) ی لاتینی وەرگیراوە )) (ئەحمەد ، ٢٠١٤ ، ٢٤)، هەروەها وشـــەی شـــێواز (( لە زمانی لاتینیدا پێی دەوترێت (stilus) واتا هەڵکۆڵەر، لە بواری نووســـینیشـــدا بەو مانایە دێت کە ڕێگایەکە بۆ نووســـین. نووســـەر لە پێناوی مەبەســـتە ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێنێت)) (محمد،٢٠١٥، ٤) واتا ئەو کەرەســـتەیە بۆ دەربڕینەکە ئامانجی نووســـەر بەدی دێت ، کە (( ئامێرێکی مەعدەنی بوو وەکو (بزمار ، قەڵەم ، سەبە) نووکێکی تیژی هەبوو ، جاران بۆ نووســین و وێنەکێشــان لە ســەر تابلۆی مۆمیدا بەکاریان هێناوە مەبەســتیان لەو ئامێرە لەوانە بە نووکە تیژ بووبێت ، ئاشکرایە هەموو یەکێک شێوازێکی تایبەتی بە خۆی هەبوو لە چۆنیەتی

بەکارهێنانی ئەو ئامێرە)) (ئەحمەد ، ٢٠١٤، ٢٤ )، کەواتە لە کۆندا بە ئامرازێکی سادە نووسین و وێنەکانیان تۆمار کردووە، بە سوود وەرگرتن لە مۆم ، هەروەها لە ((زمان و ئەدەبی عەرەبیدا (ئوسلوب) بە واتا و مەبەستی ڕێگا ، ڕێچکە ، ڕێڕەو ، ڕێباز .... هتد (الگریق ، المنوال ، الجهه ، المزهب ، القالب) بەکارهاتووە ، لە زمانی کوردیشدا بە واتای ڕێگا ، ڕێباز ، ڕێڕەو و شێوە و خۆڕەوشت و هەڵسوکەوت هاتووە ، هەر چەندە وەک بابەتێکی ئەدەبی بە کارنە هاتووە لە لێکۆڵینەوە و نووسیندا ، بەڵام بە گشتی بەو واتایانەی سەرەوە ڕۆیشتووە )) (کاکی ، ٢٠٠٨ ، ١٣-١٤ )، بەم پێیە لە هەردوو زمانەکە نزیکییەک هەیە لە بە کارهێنانی وشەی شێواز ، هەروەها (( لە زمان و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیشدا بە (سبک) ناسراوە ، بە تایبەتی لای ئێران و ئەفغان و هیندەکان )) (ئەحمەد، ٢٠٠٩ ، ١٤)، واتە وشەی سەبەک زاراوەیەکی ئەدەبییە بۆ تێگەیشتن و کە تێدا پەیامە بۆ خوێنەر ، لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا شێواز بە واتای جیاواز هاتووە ، وەک لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) ی (هەژار) دا بە واتای ((شکل ، تەرح ، ڕاهاتن ، قیافە)) (هەژار ، ١٣٢٩ ، ٥٠٢ )هاتووە ، هەروەها لە فەرهەنگی (کوردستان) ی (گیو موکریانی) بە مانای ((سەلاری ، شەرم ، شێوە ، ئەدەب)) (موکریانی ، ٢٠٠٠ ، ٦٥٣)هاتووە . هەروەها لە فەرهەنگی (تریفە) دا بەم واتایانە هاتووە (( وێنە ، ڕێک ، شکل ، وێکچوون)) (ئەحمەد و مەحموود ، ٢٠١١ ، ٢٥٨ )، هەروەها لە فەرهەنگی (شیرین)ی (فازیل نیزامەدین) یشدا بە واتای ((چۆنیەتی، شێوە،ڕەفتار، ڕێگا))(نیزامەدین،٢٠٠٣ ، ٣١٠ ) هاتووە ، هەروەها لە فەرهەنگی (ئەستیرە گەشە) بەم مانایانە هاتووە (( الاسلوب نهج ، منوال ، قاعدە))، (نیزامەدین ، ٢٠٠٣ ، ٣٦٥) هەروەها لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) یشدا بەرامبەر بە وشەی ( style ) وشەی (( شێواز ، ڕوخساری گشتی ، ئەدگارێکی جیاواز ، جل و بەرگی مۆدێل)) (ناوخۆش ، ٢٠٠٣ ، ٣٣٣)هاتووە .

سەبارەت بە پێناسەکردنی شێواز لە کۆنەوە لای نەتەوەکان بەشێوەیەکی جیاواز بەکارهێنراوە ، بۆیە تا ئێستا پێناسەیەکی دیار و ئاشکرا بۆ ئەم چەمکە نەکراوە ، بەڵکو زۆربەی پێناسەکان لە یەکتر جیاوازن ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەر یەکە و لە ڕوانگە و دید و بۆچوونی خۆیەوە تەماشای شێوازی کردووە و پێناسەی کردووە ، لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەڕوو ، (بۆفۆن)ی فەرەنسی کە لە سەدەی (١٨) ژیاوە دەڵێت : (( شێواز بریتییە لە مرۆڤەکە خۆی)) (ڕەشید ، ٢٠١٢ ، ٦٩) ، واتا هەر کەسەو شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تایبەت بەخۆی هەیە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ، کە مرۆڤەکەی پێ دەناسرێتەوە .

(ریفاتێر) یش دەڵێت : (( شێواز هێزێکی فشارکەرە ، باڵ بە سەر هەستیاری خوێنەردا دەکێشێت ، ئەمەش بەهۆی ڕەقبونەوەی هەندێک لەو ڕەگەزانەی کە لە درێژەی گوتارەکە هەستی پێ دەکات )) (عبدالله ، ٢٠١٠ ، ١٣ ) ، کەواتە شێواز بریتییە لە دەرخستنی هەندێک لە

رەگەزەکانی قســەکردن ، بەشــێوەیەک کە نووســەر دەبێت بە ئاگاییەوە بەکاریان بهێنێ بۆ ئەوەی خوێنەر تێ بگات .

(ئیبن خەلدون) بەم شــێوەیە ئاماژە بە شــێواز دەکات کە (( بریتییە لەو رێگەیەی دەربڕینی تێدا دەهۆنرێتەوە ، یان ئەو قاڵبەیە کە شتی تێدا خاڵی دەکرێت )) (عبداللە ، ٢٠١٠ ، ١٣ )، واتا لەو رێگەیەوە دەتوانی ئاماژە بە شــێوازی دەربڕینی خۆت بکەی و ئەو دەربڕاوانەی کە لە ناخی کەســەکە خۆیەتی بتوانێ بیدرکێنێ ، هەروەها دەوری پردێک دەبینێت بۆ پەڕینەوەی هەســت و نەســتی نووســەر .(عبدالســلام المســری) دەڵێت : (( شــێواز فەلســـەفەی خودی بوونی مرۆڤە، کە بە تەواوی لە ناو خودی نووســـەر نقوم بووە ))، (ئەحمەد ،٢٠١٤، ٢٨) واتا شـــێواز تایبەتە بە خودی مرۆڤ خۆی کە لە ناو خودی نووســـەر بەشـــێوەیەکی تەواو و ئاشـــکرا رەنگی داوەتەوە.

لە ناو نووسەرە کوردەکانیشدا (شێخ نوری شێخ ساڵح) بە یەکەم کەس دادەنرێت ، کە باسی ئەم لایەنەی کردبێت ، بەم شێوەیە پێناسەی شێواز دەکات و دەڵێت : ((ئسلوب بەو تەرزی مەخسوسی بەیانە دەڵێن، کە هەر خەتیبێک یان هەر موحەریرێک ئەوەی لە دەماغیەتی ئیفادەی ئەکات، هەموو موخەتیبێک مالیکی تەرزێکی مەخســـوســـی بەیانە)) (ئەحمەد ،٢٠١٤، ٢٨) واتا شـــێخ نوری شـــێواز بە بیر دەبەســـتێتەوە ، بەڵام هەر نووســەرێک لە روانگە و دید و بیروبۆچوونی خۆیەوە دەری دەبڕێت ، کەواتە بە لای شێخ نورییەوە شێواز لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازە ، هەروەها (رەفیق شـــوانی) ســـەبارەت بە پێناســـەی شـــێواز دەڵێت : ((شێوازی نووسین بریتییە لەو ڕێ و شوێن و روخسارەی کە نووسەر لە نووســـیندا هەیەتی، ئەو شـــێوازەش بریتییە لە شـــێوەی نووســـینی نووســەرەکە ، لە جۆری داڕشــتن و دەربڕینی ئەو هەســت و نەســتەی بە ڕووداو و تاقیکردنەوەدا هەیەتی و لە چوارچێوەی هەڵبەســـتەکەدا دەری دەبڕێت و ئینجا ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونەی هی خودی شاعیرەکە خۆی بێت یان هی خەڵک بێت، لە پێناو ئاگادارکردنەوەی خەڵک و گوێگر لەو ڕووداوە تا هۆشـــیاریان بکاتەوە)) (محمد،٢٠١٥، ١٠)، بەو مانایەی کە نووسەر ڕێ و شوێن و رەنگ و روخساری نووسینەکەی وەک کەرەستە و ئامرازێک بەکاریاندێنێ لە نووسیندا کە ئاماژە بەو شوێن و رووداوانەی ئەو ســەردەمە دەکات ، کە نووسـینەکەی تێدا ئەنجام دراوە ، بە مەبەســتی هۆشـــیارکردنەوەی خەڵکی لەو رووداوانەی کە لەو ســـەردەمەدا روویان داوە، لە کۆتـایـیـدا دەتوانین بڵێین کەشـــێواز دەبێتە هۆی کـاریگەری دروســـتکردن لای خوێنەر و رێچکە و کەســـایەتی نووســـەر دەردەخات، هەروەها دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانە لە میانەی دروســـتکردنی وشە و چەمکی نوێ

## سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شێواز :

بۆ گەیشـــتن بە مێژووی ســـەرهەڵدانی شـــێواز و دەرکەوتنی زاراوەی شـێواز بۆ ئاشـنابوون بە سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی زاراوەکە دەبینین لە چەندین سەرچاوەی جیاواز ئاماژەی پێکراوە، بێگومان هەروەکو ئا شکرایەو دەزانین کە سەرهەڵدانی هەر دیاردەیەک و هەر بابەتێک لە ڕووی مێژوویی و دروســـت بوونییەوە بیروڕای جیاوازی لەســـەرەو بە ئاســـانی ناتوانین دەســـتنیشـــانی بکەین، شـــێوازیش مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەندێکیان سەرەتای سەرهەڵدانی شێواز دەگەڕێننەوە بۆ ئەوروپییەکان ، هەندێکی تریان سەرەتاکەی دەگەڕێننەوە بۆ رەخنە و ئەدەبی ڕۆمانی، لە لایەکی ترەوە ســـەرەتای شـێواز دەگەڕێننەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنی گریک، کە لە پەیوەندی رازاندنەوەی (ئیستاتیکای) جوانکاریدا سەری هەڵداوە لە ناو کەلتووری گریکدا ، هەروەها (( زاراوەی شێواز بۆ یەکەمجار ، لە ئەدەب و رەخنەی رۆمانەکاندا سـەری هەڵداوە، وەک دەربڕینێکی مەجازی، بۆ واتا تایبەتییە کانی بونیاتی زمانەوانی بەرهەمی نووســـەران و شـــاعیران بەکاردەهات )) (محمد ، ٢٠١٥، ١٥) ، لە هەندێ ســـەرچاوەی تردا ئاماژە بە مێژووی ســـەرهەڵدانی شـێواز کراوە، کە دەڵێت : (( ســـەرەتای شـێواز دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنی گریک ... شێواز لە ئەدەبیاتی گریکی کۆندا بایەخێکی گشـــتی داوە بە شـــەقڵی تایبەتی ئەم ئەدەبیانە)) (کەلاری ، ٢٠١١ ،٢٣ ) هەروەها شـــێواز لە ســـەردەمی یۆنانی کۆندا ســـێ جۆری نووسین هەبووە ئەویش (( شێوازی سادە (ئاسان) ، شێوازی ناوەندی ، شـــێوازی باڵا (بە پێز)، هەریەک لەمانەش بابەتێکی ئەدەبی چارەســـەر دەکرد شـێوازی ســـادە بۆ بابەتی گفتوگۆکردن و نامەنووســـینی ئاســـایی بەکاردەهات، شێوازی ناوەندیش بۆ بابەتی درامی و کۆمیدی بەکاردەهات، شـــێوازی بەرز و باڵاش بۆ بابەتی درامی مەرگە ســـات بەکاردەهات )). (ئیبراهیم، ٢٠١١ ،٥٥)

## بەشی یەکەم

## تەوەری دووەم

## هۆکارەکانی کاریگەری سەر شێواز :

شێواز هەروەکو بابەت و لایەنێکی تری ئەدەبی چەند هۆکارێک هەیە کە کاریگەری لە سەر بنیات و دروست بوونی شێواز هەبێت، ئەو هۆکارانەش ئەمانەن :

١-کەســـێتی نووســـەر :- لە تایبەتیەتی دەروونی نووســـەر و هەســـت و ســـۆزی پێکدێت، بۆیە نووســـەر رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ســـەر کاریگەری درو ست بوونی شێواز هەروەها ((کە سێتی ئەو لایەنەیە کە یەکێکی پێ لە یەکێکی تر جیادەکرێتەوە و هەر کەســـێتیەکیش چە ند ســـیفەتێکی عەقڵی و ســـۆزی و جەســـتەیی و تایبەت بەخۆی هەیە و کەســـەکان لە سروشت و رەفتار و بەهرە عەقڵی و سۆزی و ئەندێشەکانیدا تێدا جیاوازن ، بۆیە زۆر ئاســـاییە کە شـێوازی نووســـینیشـــیان جیاواز بێت)) (ئەحمەد ، ٢٠٠٩، ٣٢)، واتا لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە شـــێواز کەســـایەتی هەر

نووسەرێک بۆ نووسەرێکی تر جیاوازە و هەر نووسەر و شێوازی تایبەت بە نووسینی خۆی هەیە و لە کەسایەتی و تایبەتمەندی نووسەرێکی تر جیاوازە و هەر کەسە بەشێوازێک گوزارشت لە ناخ و ژینگەی خۆی دەکات، هەروەها (حەمید ئادەم) هۆکارە کاریگەرەکانی لە سەر شێوازی کەسایەتی ئەدیب و ئەو شوێن و کاتەی تیایدا دەژی و هۆکارەکانی وەکو ململانێی رۆشنبیرییەکان و کۆمەڵایەتی و ئایینی دیاری دەکات و دەڵێت: (( بێگومان حاڵەتی جەستەیی و عەقڵی ئەدیب هۆکاری بنەڕەتین بۆ نموونە کوێر هەستی رەخنەیی بەهێزە ، بەڵام تواناى سەیرکردنی بێ هێز دەبێت ، ئەدیبێکی ناتەواو لە رووی جەستەییەوە گوتەکانی خەم و دڵتەنگی و بێ ئومێدی وەکو تایبەتییەکی دیاریکراو دەبێت بۆ ئەو کەسە )) (ئەبو بەکر،٢٠٠٧ ، ٢٠-٢١ )، واتا کەسایەتی هەر نووسەرێک لە نووسەرێکی تر جیاوازە ، چونکە کەسایەتی نووسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ....هتد دەگرێتەوە.

٢-بابەتی نووسین :- هۆکاری سەرەکی جیاوازی شێواز بابەتە ، واتا مەبەستی بابەتیش ئەو هونەرەیە کە نووسەر هەڵیدەبژێرێ و دەیکات بە کەرەستەی نووسینەکەی، کە لە ناخ و دەروونی نووسەرەکەوە دێتە بەرهەم، ئەو هونەرەش زانستی بێت ، یان ئەدەب بێت، یان پەخشان و هۆنراوە، یان وتار و چیرۆک بێت هەروەها (( بابەتی نووسینیش بەندە بە جۆری ئەدەبی (ژانەر) و ، هەروەها ئەو کەرەستانەی کە لە بارە یان دەنووسرێت وەک (مرۆڤ و سروشت ، دین و باوەڕ ...هتد)) (چالێ ، ٢٠٠٨ ، ٢٥ )، بۆ هەر ژانەرێکی ئەدەبی چ شعر بێت یان ژانەرەکانی تر پێویستی بە سەرچاوە دەبێت بۆ ئەوەی شێوازێ بدات بە نووسینی شاعیر سەرچاوەکانیش وەکو خودی مرۆڤ ، سروشت ، دین و باوەڕی کە باوەڕی پێیەتی .

٣-شێوازی قۆناغ :- شێوازی نووسینی هەر نووسەرێک جیاوازە لە شێوازی نووسینی نووسەرێکی تر، قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری لە شێوازەکانی نووسین کراوە، بۆ نموونە شێوازی نووسینی نووسەرێکی کۆن جیاوازە لە گەڵ شێوازی نووسینی نووسەرێکی نوێ، ئەمەش بە پێی ئەو سەردەم و بارودۆخەی کە تێیدا دەژێت، بۆیە(( هەر نووسەرێک لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، دەژێت و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی و رۆشنبیرییەکەی کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت لە هەڵبژاردنی بابەت و ژانەری ئەدەبی )) (محمد، ٢٠١٥،٢٠)، واتا هەر نووسەرێک لەو شوێن و ژینگەیەی تێدا نیشتەجێ بووە ڕادەی کارتێکردنی کۆمەڵایەتی و بەرز و نزمی ئاستی رۆشنبیری و فیکری نووسەر رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە هەڵبژاردنی بابەتەکان، لە کۆتاییدا ئەم سێ لایەنە کە دیارترین ئەو لایەنانەن کە شێوازی نووسینی نووسەر بە دەردەخات .

**جۆرەکانی شێواز :**

شـــێواز ڕەفتاری مرۆڤەکانە لە ژیانـدا لەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژین ڕەنگدانەوەی دیار و ئاشــکرا لە ســەر دەبێت، کە هەر تاکێکی ئەو جیهانە بەشــێوەیەکی جیاواز لە تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە دەبینێت، بۆیە (( هەر نووســینێک بۆ نووســەرێک دەگەڕێتەوە ئەو نووســەرەش پەروەردەی کۆمەڵگاو ئایدولۆژیایەکی تایبەتە، شــێوازی نووســینەکەی بە پێی جۆری تایبەت و ئاستی زانیاری و ئایدولۆژیاکەی دەگۆڕێت، بەڵام سەرباری ئەمانە زمانێکی پاراو و شــێوازێکی باش لە خەســڵەتەکانی نووســینی ســەرکەوتووە)) (محمد ، ٢٠١٥،٤٢)، واتا شـێوازی کەسـایەتی نووسـەر دەردەخات و ئەو هەست و سۆز و ئەندێشەی پیشان دەدات ، هەر بۆیە

شێواز بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبێتە سەر سێ جۆرە شێواز ، کە بریتین لەمانە :

١- شێوازی تاکە کەسی .

٢- شێوازی سەردەم .

٣- شێوازی نەتەوەیی .

١- شێوازی تاکە کەسی :

بەکارهێنانی دانەو کەرەســە زمانەوانییەکانی لە لایەن نووســەرەوە، وەکو ((مەبەستێکی هونەری نووسینی دەقەکانی نووسەرانی تر جیادەکاتەوە و بەو هۆیەوە شــێوازی تایبەتی نووســەرەکە دەردەکەوێت )) (محمد، ٢٠١٥،٤٢)، واتا شـێوازی تاکە کەســی ئەو جۆرە شـێوازەیە، کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئەو دەقانە دەدات کە لە گۆشــەنیگای ئەو پەیوەندییانەوە، کە بە داهێنەرەکەیەوە هەیەتی بەرهەم هێنراون .

هەروەها شــێوازی تاکەکەســی (( شــێوازی داهێنەر دیاری دەکات، داهێنەرەکەش خاوەن شـێوازێکی تایبەتی بە خۆیەتی، ئەم بیروڕایەش لە کۆنەوە جێگـای بـاوەڕ بووە و هەر لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵەر و نووســەری فەرەنســی (بێفون) وتوویەتی : شــێواز مرۆڤەکە خۆیەتی)) (محمـد، ٢٠١٥،٤٠)، لێرەدا (بێفون) دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە هەر مرۆڤێک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی خۆی هەیە لە کەسەکانی دەوروبەری خۆی ، ((شــێوازی (هۆمیرۆس)ش کە ئـامـاژەیە بە شــاعیری کۆنی یۆنـانی (هۆمیرۆس) و شــێوازی (میلتۆنی) کە ئاماژەیە بە شــاعیری گەورەی ئینگلیزی (ولیام شــکســپیر)، بەڵام لەوانەیە بۆ نووســەرێکی دیاریکراو کاریگەریەکی گەورەی کاتێک ناوەکەی دەبەسترێتەوە بە دوو جۆر شێوازەوە : جۆرێکیان پەیوەســتە بە شـێوازی نووسـەرەکەوە بە گشـتی ، جۆرەکەی تریان پەیوەســتە بە کۆمەڵە ســیفاتێکی دیار لە شـێوازەکەیدا )) (ئەحمەد ٢٠٠٩، ، ٤٢)، بۆیە ئەمە وا دەکات هەندێ جار ببێتە مایەی کاریگەری لە سەر نووسەرانی سەردەمەکەی دوای خۆی .

٢- شێوازی سەردەم :

کات و سەردەم لە شێوازدا کاریگەری هەیە بۆ نووسینی دەقەکان، بۆیە (( کاتێ لە بەرهەمی کۆمەڵێ نووسەر ورد ببینەوە ، کە لە یەک سەردەمی مێژووی دیاریکراودا ژیابن، هەست بە لەیەکچوون لەو وشە و زاراوە و زمانەدا دەکەین کەسەردەمێکیش لەگەڵ سەردەمێکی تردا جیاوازە، بۆ نموونە لە سەردەمی کلاسیکیەتدا هاوشێوەی و یەک شێوازی لە ناو ئەو نووسەرانەدا دەبینین کە لەو سەردەمەدا ژیاون ، تەنانەت دەتوانین بە ئاسانی نووسەر و بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە لە گەڵ سەردەمێکی تری وەکو رۆمانسیەت جیا بکەینەوە، چونکە لە سەردەمی کلاسیکیەتدا ئەو زمانەی نووسەر بەکاریهێناوە زمانی عەقڵ و مەنتیق بووە بە کەمی هەست و سۆزی خۆی لە گەڵ بابەتەکەدا تێکەڵکردووە، بەڵام لە سەردەمی رۆمانسیەت نووسەر زمانی هەست و سۆزی تێکەڵ بە بابەتەکە کردووە، بەمەش گوزارشتی لە کەسایەتی خۆی کردووە)) (ئەحمەد،٢٠٠٩، ٤٢)، واتە وشەکانی لە سەردەمێک بۆ سەردەمێک دەگۆڕێن شێوازێک دەدات بە نووسینی دەقەکە، بۆیە شێوازی هەردوو سەردەمەکە جیاوازن لە یەکەوە شێوازی نەتەوەیی ئارادابوو، واتە شێوازە تاکە کەسی و لە لایەکی ترەوە شێوازی سەردەمی وەکو لە پێشوودا ئاماژەمان پێکرد بوونیان هەبوو.

٣- شێوازی نەتەوەیی:

کەس ناتوانێت نکۆڵی لە بوونی شێوازی نەتەوەیی بکات، چونکە زۆربەی ئەو هەوڵانەی بۆ دۆزینەوەی شێوازی نووسەرێکی دیاریکراو لە قۆناغێکی دیاریکراو دەگۆڕێت هەروەها(( لە کاتی خوێندنەوەی شیعری عەرەبیدا هەست بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەکەیت کە جیاوازە لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، لە کوردیدا هەست بە شێوازێک دەکەیت دەقاودەق جیاوازە لە هی عەرەبدا، کە هی کورد بەشێکە لە خاسیەتە نەتەوەییەکانی کورد بە تایبەتی لە بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی ))، (ئەحمەد ، ٢٠٠٩، ٤٣ – ٤٤ ) ئەمە لە کاتێکدایە رەنگە شێوازی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر بە جۆرێکی تر بێت .

## **بەشی دووەم:**

## **تەوەری یەکەم :**

## **شێواز لە ئاستی وشەدا**

هەر دەقێک لە دایک دەبێت پێویستی بە چەند کەرەستە و پێداویستییەکی وەکو ( وشە، ڕستە) یە .بۆ ئەوەی سەرنج ڕاکێش و رێک و جوان بێت، ئەوەی رۆڵی کاریگەر دەبینێ لە بنیاتنانی دەقدا وشەیە، چونکە دەق لە ئەنجامی چنینی وشەکانەوە پێکدەهێنرێت لەم توێژینەوەیەماندا لە ئاستی وشەدا باس لە لادانی وشەیی و دیاردەی پاش و پێش خستن ودووبارە کردنەوەی وشەو دیاردەی زیادکردنی وشە و وێنەی شیعری و ئەفسانە و و رەمز دەکەین :

## لادان وشەیی:

وشـــە پێکهاتەیەکی گرنگ و ســـەرەکی زمانەو رێگایەکە بۆ جوانکردن و کاریگەری شـــیعر. پســـپۆران پێناســـەیان کردووە کە،((بریتییە لە کۆمەڵە یەکەیەکی دەنگی بە رێگەیەکی دیـاریکراو دانراوە . بۆ ببێتە رەمز بۆ شتومەکە هەستپێکراو و بیرە ڕووتەکان . گوزارشت لە بیرێک یان هەست دەکات ، بە سیستەمێک لە دەنگ و ئاماژە کاردەکات و واتایەک دەگەیەنێت )) (ئەحمەد ،٢٠١٣، ٩٧) هەروەها وشـــە یەکەم خشـــتە کە شـــاعیر دایدەنێت بۆ بنیاتنانی دەقەکە لە کاری ئەدەبیدا، واتا وشـــە ((ئامرازێکە بۆ پێکهێنان، کە هونەرمەند لە کاری هونەریدا کارەکەی پێ ئەنجام دەدا، وەکو ڕەنگ وایە بە دەســـتی وێنەکێشـــەوە، ئاواز بە دەســـتی موســـیقا ژەنەوە، قوڕی ســـور بەدەســـتی پەیکەرتاشـــەوە .......)) (ســـلطان،١٩٩٧، ١١٥) وشـــە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە وەســـفکردن و ڕوونکردنەوەی خاســـیەت و ڕوخســـاری شـــتەکان، کە شـــاعیران بەهۆیەوە گوزارشـــت لەلایەنە دیارو شـــاراوەکانی ناخیان دەکەن، کەواتە وشـــە(( کەرەســـتەی خاوی دەربڕینە و کاریگەری گەورە و مەزنی هەیە لەســـەر ئادەمیزاد)) (مەحمود ، ٢٠٠٧،١٢٤)، هەروەها کاریگەری وشـــەش لە زمانی ئاســـاییدا جیاوازە کە لە تێکستی شیعریدا پێی دەسپێررێت، بەو واتایەی ((دەربڕین و کاریگەری لە زمانی شـــیعردا چالاکی زیاترە وەک ئەوەی لە زمانی ئاساییدا هەیە، چونکە لە زمانی شیعریدا وشەکان جگە لە دەربڕینی واتا بنچینەییەکەی خۆیـان ئـامـاژە بە لایەنی نەبینراویش دەکەن، هەروەهـا لایەنی هەڵچوون و خەیاڵکردنیش دەگرێتەوە، کەچی دەربڕین لە زمانی ئاســـاییدا تەنها ئاماژە بەو واقیعە دەکات، کە ڕاســـتەوخۆ لەبەر چاومانە)) (ابو زید، ١٩٨٤ ، ٢٧٣ )، شاعیر دەتوانێت لە رێگەی هەڵبژاردنی وشەوە ڕۆڵ و توانای شـــاعیرێتی خۆی و داهێنـانەکەی فراوان دەکات، چونکە ((شـــاعیر لەکاتی بەکارهێنانی وشـــەکانی زماندا توانای هەندێک لەو وشـــانە لە توانـای هەنـدێکی تریـان بە چـاکتر دەزانێـت بۆ دەربڕینی مەبەســـتەکانی. بۆیە هەندێک لەو وشـانە زیاتر بەکاردەهێنێت)) (ادونیس، ١٩٨٦ ، ٢٩٧ ). بۆیە دەتوانین بڵێین وشە بە دەست شاعیرەوە ئامرازێکە، تا ڕەنگ و بۆی داهێنانەکانی پێ وێنا بکات، لادانیش بە بێ بەشـــداری پێکردنی وشە کارێکی ئەستەم و نەگونجاوە لە هەر تێکستێکی شیعریدا. واتە لادانی وشـــەیی بە پێی ئەو پەیوەنـدییە تونـدوتۆڵەی لەگەڵ لادان لەگەڵ پێکهات و یاســـا رێزمانییەکانی ئاســـتی مۆرفۆلۆژی هەیەتی . چەندین جۆرو شـــێوەی جیاوازی هەیە و بە پێی قۆناغ و ســـروشـــتی زمانەکەش دەگۆڕین . واتە لادانی وشـــەیی هەیە تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو لەگەڵ یاســـاو دەســـتوری ئەوە زمانە دەگونجێ دەشـــێت بۆ زمانێکی تر نەگونجێ . (هنریش بلیث) لە ئاســـتی وشـــە لادانی دابەش کردووە بە ســـەر دوو بەشـــە ئەوانیش(( لادان لە ناو وشـــە ئەو لادانە پەیوەســـتە بە ســـیاق و پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکەی ،هەروەها لادان لە دەرەوەی وشـــە لە ئەنجامی گۆڕینی دیالێکت و ئاســـتی زمانی مێژوویی و زمانی نەتەوەیی ) لە دایک دەبێت )) ( بلیث، ١٩٩٩،٧٩) هەروەها لادان

بەپێی سەردەم و قۆناغەکان جیاوازە و تەنانەت لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تریش بەپێی توانا و لێهاتووی شاعیرەکە دەگۆڕێت ، ئەحمەد هەردیش چەندین لادانی لەم ئاستەدا ئەنجام داوە لە وێنەی (تێکدانی ڕۆنانی وشە ، داهێنانی وشەی نوێ ، کرتاندنی دەنگ لە وشەدا ، بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە، بەکارهێنانی وشەی بێگانە ،لادانی دیالێکتی ، کۆن گەڕایی )، لەم لێکۆڵینەوەمان هەوڵدەدەین ئەم جۆرە لادانانە لە شیعرەکانی شاعیردا پراکتیزە بکەین بەم شێوەیە :

**١ـ تێکدانی ڕۆنانی وشە**

جۆرێکە لە لادانی وشەیی دەستکارپکردنی شێوەی ڕێکخستنی وشەیە بە پێچەوانەی وتن و ڕۆنانی باو و بەربڵاو. واتە لادانە لە یاسای ڕێکخستنی وشەیە. مەبەستی شاعیریش لەم لادانە دەرخستنی توانا و کارامەیی زمانەوانی خۆیەتی، هەروەها شتێک دروست بکات کە نوێ بێت و سەرنجڕاکێش بێت لای خوێنەر. ئەم لادانە زیاتر لەو وشە لێکدراوانە دەردەکەوێت، کە تا ئاستێک خاوەن ڕۆنانێکی چەسپاو وجێگیرن .ئەحمەد هەردی شاعیریش لە بارەیەوە لە شیعرەکانی دا تێکدانی ڕۆنانی وشەی کردووە بۆ نموونە دەڵێت :

کە کێووکەژ بکەن ماچی هەموو ئاسمانی بەرزوشین

شەپۆلیش هەر وەکو دڵدار ، لەمل یەک دەستی ئاڵابێ (رازی تەنیایی ،٥٠)

شاعیر ڕۆنانی وشەی تێکداوە و (کەژ و کێو ) ی کردووە بە ( کێوو کەژ )

**2-داهێنانی وشە نوێ**

**شاعیر لە دەقی شیعریدا هەمیشە هەوڵی داهێنانی وشەی نوێ دەدات و زمانێک بە کاردەهێنێت ، کە تێدا وشەکان لێڵی لە خۆییان کۆ بکانەوە . لەم بارەیەوە ئەرەستۆ دەڵێت : (( وشەی داهێنانی شیعری وشەیەکە لە ناو خەڵک بەکارنەهاتووە ، شاعیر خۆی دادەهێنێت )) ( ئەحمەد، ٢٠١٣،١٠٠). لەم بارەیەوە شاعیر ئەحمەد هەردی چەندین داهێنانی وشەی کردووە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە بۆ نموونە دەڵێت :**

**لە دەست شار هەڵدێم ، ئەچمە ناو گوڵزار ،**

**لەویش هەڵناکەم ، دێمەوە ناوشار!**

**وەک ئارام نەماو،**

**دڵ و پێ سوتاو،**

**خانەی خەو روخاو ،**

**لە دونیا بێزار .... !    (رازی تەنیایی ، ٤٧)**

**شـــــاعیر لێرە دا وشـــەی ( خانەی خەوی) بە کارهێناوە، کە لە ئاخاوتنی ئاساییدا ئەم وشەیە بەکارنایێت  شاعیر خۆی داهێناوە.**

**لەنموونەیەکی تردا ئەحمەد هەردی شاعیر وشەی (تەلاری دڵی ) بەکار هێناوە ، کە بە هەمان شـێوە وشـەیەکە خۆی دایهێناوە و لە ئاخاوتنی ئاساییدا ئەم وشەیی بە کار نایێت ، دەڵێت :**

**تەلاری دڵ ، کە دیواری وەها مەستی ئەوینی بوو :**

**لە باوەش گرتنی باڵای ، هەموو ئاواتی ژینی بوو .. !  (رازی تەنیایی، ٤)**

**3ـ کرتاندنی دەنگ لە وشەدا**

کرتاندنی هەندێ دەنگ لە وشـــەدا لە زمانی ڕۆژانە و ئاخاوتنەکانماندا دیـاردەیەکی بەربڵاوە، بەڵام کرتـانـدنی دەنـگ لە  دەقێکی شـــیعریـدا مەبەستەکەی جیایە، چونکە لە زمانی ڕۆژانەدا کرتاندن فاکتەری جوگرافی و ناوچەیی لە پشتەوەیە و زیاتر بۆ مەبەستی وزە پارێزی و بە ئابوریکردنی دەرپڕینەکانمانە، بەڵام کرتاندن و لابردنی دەنگێ یا چەند دەنگێک لە ناو دەقی شـیعریدا بۆ ((مەبەسـتی راگرتنی  کێشـی شـیعرەکە بێت  یان بۆ مەبەســـتی کورتی و چڕیشـــە )) ، (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٠٥) ئێمەش بە پشـــت بەســـتن بەوە هەوڵی ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی ئەم جۆرە لادانە دەدەین لە نمونە شیعرییەکانی ئەحمەدهەردیدا بەم شێوەیە :

وانەزانی دەستی خەم یادت لەدڵدا دەرئەکا

ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەر نەکا

گیانەکەم بەو تیشکی چاوەی شەڕ لەگەڵ ئەختەر ئەکا  (رازی تەنایی ،٦٦)

شـــاعیر لەم شـــیعرەدا پیتی (ت) لەو وشـــانەی کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە کرتاندووە . ئەم کرتاندنەش بۆ ڕێکخســـتنی ئاواز و ریتمی شـــیعرەکەیە.لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت :

چ نامەیێ

چ پەنجەیێ چ خامەیێ

ئەوەندە دڵ ئەکاتەوە

خەفەت لە بیر ئەباتەوە

ئەخاتە ناخی گیانەوە

تەزوی بە تام (رازی تەنیایی ، ٨٥)

شـــاعیر پیتی (ک) لە کۆتایی ئەو وشـــانەی هێڵیان بە ژێردا هاتووە کرتاندووە .

## 4- بەکارهێنانی وشەی بێگانە

شـــاعیران بە مەبەســـت یێت یاخود بێ مەبەســـت کۆمەڵێ وشـــە لە شـــیعرەکانیاندا بەکاردەهێنن، کە وشـــەی رەســـەنی زمانی نەتەوەیی نین،بەڵکو وشەی بێگانەن. ئەم بەکارهێنانەش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە بۆ نموونە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شـــیعری کلاســـیکی کوردی شـــاعیر وشـــەی بێگانە بەکاربهێنێ، بەڵام لە شـــیعری نوێدا دوورکەوتنەوەیە لە وشەی بێگانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیران بەکاری هێناوە . ئەحمەد هەردیش لە شـــیعرەکانیدا کۆمەڵێ وشـــەی بێگانەی بەکارهێناوە .بۆ نموونە دەڵێت :

نەمزانی ئەتیکێتی سەدەی تازە ، ڕیایە!

ئادابی لە لایە ئەوی وەک لۆتی وەهایە (رازی تەنیایی ،٧٢)

شـاعیر لەم شـیعرەدا وشـەی ( ئەتیکێتی ) بەکارهێناوە ، کە لە ئەسـڵدا وشەیەکی فەرەنسیە.

لە نموونەیەکی تردا دەڵێت :

هەوڵی زۆرم دا ، لە دوای زوڵفی ئەو بێ مروەتە

دەرچم و دوایی بهێنم ، بەم عەزاب و مەینەت (رازی تەنیایی ، ٦٧)

لەم شیعرەدا وشەی ( عەزاب و مەینەت ) ی بە کار هێناوە کە وشەیەکی عەرەبین.

## 5- بەکارهێنانی وشەی رۆژانە

شـاعیرانی کورد لە زۆربەی قۆناغەکانی شـیعردا هەوڵیانداوە شـیعر وەک ئامرازێک بێت بۆ خســـتنەڕووی کێشـــەوگیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵگا چ لە رووی ســـیاســـیەوە بێت یاخود لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بێت . بۆ ئەم مەبەســـتەش ویســـتویانە پەیامەکانیان بە زمانێکی ســـادەو نزیک لە ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵک بگەیەنن بە تایبەتیش شاعیرانی نوێخواز (شێرکۆ بێکەس ) لە بارەیەی ئەم جۆرە لادانەوە دەڵێت : ((بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە نزیک کەوتنەوە بوو لە خەڵک ... لە بازار و شەقام و ئاخاوتنی رۆژانە و تێکەڵ کردنیان بە جەســتەی شـیعری تازە، بەم کامیرانە وێنەی باشـترو جوانترمان دەگرتن، بە روحی ئێمە ئاشـناتربوو وەک لە شـاعیرانی کۆنتر))

(عەزیز ، ٢٠٠٦، ١٦٢) ئەم جۆرە لادانەش لە شـــیعرەکـانی ئەحمەد هەردی بوونی هەیە. بۆ نموونە دەڵێت :

ئەم چەند قسەیەم ، ووتوە بە تۆ ، ئێستا بە چاکی

گەرچی ئەشزانم دڵی بـــەردت نی یی بـــاکی

مەڕوانەرە ئەمڕۆ ، کە بـــــەڕومەت گوڵی تاکی

پڕوانە سبەینێ : کـــــــــە لە ناو دامەنی خاکی (رازی تەنیایی ،٥٢)

شـــاعیر لەم شـــیعرەدا زمانێکی بەکارهێناوە زمانێکی ســـادەی و نزیکە لە ئـاخـاوتنی رۆژانە.بە تەواوەتی نزیکە لە زمـانی ئـاخـاوتنی رۆژانەوە .لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

جا ئیتر من واقسەی خۆم پێ گەیاندی ، بێ درۆ

حەز ئەکەی هەر وەک پەپوولە ڕوو لە ئاکر کە و پڕۆ! (رازی تەنیایی ،٧١)

بەهەمان شێوە ئەوە زمانەی شاعیر لەم شیعرەدا بەکاری هێناوە زمانێکە کە خەڵک رۆژانەی ئاخاوتنی پێ دەکەن .

## 6- لادانی دیالێکتی

سەرەڕای ئەوەی نەتەوەی کورد تا ئێستا زمانێکی ستاندەری نییە، بەڵام لە هەر ســـەردەمێک و قۆناغێک دا تارادەیەک زمانی نووســـین جۆرە تایبەتمەندیی و یەکگرتوویەکی پێوە دیار بووە، بەڵام شــــاعیر ناتوانێت بە تەواوی پەیرەوی ئەو زمانە بکات و بە مەبەســت یێت یاخود بێ مەبەســت زمانی ناوچەی لە دەقە شـــیعرییەکانیاندا بە کار دەهێنن. بۆیە ((هەندێک لە وشــە و زاراوانەی شـێوەزارەکەی لە نووسـینەکانی دەردەکەون، کە لە ژیـانـی ئـاســـــایـی خـۆیـدا لەگەڵ هـاوکـارانـی بەکـاریـهـێـنـاون)) ئەحمەد،٢٠١٣،١٠٧) شاعیر ئەحمەد هەردیش لە شیعرەکانی دا چەندین وشەی بەکارهێناوە لە دیالێکتەکان .بۆ نموونە دەڵێت :

ئەو جوانی یە ئەڕوات و لە چاو گوم ئەبێ وەک ئاو

ئەو رۆژە ئەبێ دائیمە هەر بێنیە بەر چاو (رازی تەنیایی ،٥٢)

شاعیر لەم شیعرە وشەی (گوم ) ی بەکارهێناوە کە وشەیەکی دیالێکتیە و بە زۆری لە نـاوچەی گەرمیـان بەکـاری دەهێنن .لە نموونەیەکی تر داشاعیر دەڵێت :

ونی کا لەبەر چاوم ، نیگاری چاوی فێڵاویت

گوڵی بێ بۆنی جوانیت و بزەی سەرلێوی زەهراویت

بە تاپۆی یادگاری تێکشاوی بێ سەروپێوە

بە دڵداری عومرکورت و شـــەوانی جوانە مەرگێوە (رازی تەنیایی ،٥٧)

شـــاعیر وشـــەی (تاپۆی ) بەکارهێناوە خۆی لە پەراوێزی شـــیعرەکەی دا ئاماژەی بەوە کردووە کە (تاپۆ ) لە شـــــارەزوور بە تارماییەک ئەڵێن کە بە عاستەم دیاربێت . لێرەدا لە جێی (شبح ) ی عەرەبی بە کارهێنراوە (رازی تەنیایی ،٥٧)

## 7ـ کۆن گەرایی

شاعیرهەندێ وشە لەناو دەقی شیعریدا بەکاردەهێنێت جوانی و بەهێزی و کاریگەری شـــیعرەکە دیاری دەکات.شـــاعیر بە شـــوێن ئەو وشـــانەدا دەگەڕێت، کە لە ئێســـتا لە ناو فەرهەنگ و قســـەی ڕۆژانەدا بەکارنایەن ئەو وشـــە کۆنـانە، هەوڵ دەدات ســـەر لە نوێ زینـدوویـان بکـاتەوەو، بەشـــێوەیەکی هونەری ڕۆحیان بەبەردا بکاتەوە، لە دەقە شـــیعرییەکانیدا بەکاریدەهێنێت ، بەمەش ســەرنجی خوێنەر ڕادەکێشــێت، بۆیە دەتوانین ئەم و شانە بە و شە مردووەکان ناویان بەرین، شاعیریش دێت ، سەر لە نوێ دەیان بوژێنێتەوە، بە واتایەکی تر (( شـــاعیرلە جۆرێ زەمانی زمانی باو لادەدا و واژە یان دەستەواژە گەلێک بەکار دەبا،کە لە هەنووکەدا باویان نەماوە و زۆر ترلە ڕابردوودا بەکاربراون )) (یەعقوبی ، ٢٠٠٣ ،٤٢)شـــاعیر ئەحمەد هەردی لە شـــیعرەکانیدا چەندین وشـــەی کۆنی بەکارهێناوە .بۆ نموونە دەڵێت :

ئەو کەسانەی بۆ قڕانێ ، چەندە دڵیان هەڵوەران

خەڵقی تر ، پارە پەرستی ، با بکەن ، ست فاتمە

من بە تەنیا ، تۆ پەرســـتی ، ئەوپەڕی ئاواتمە ... (رازی تەنیایی ، ٦٩)

شـــاعیر لێرەدا وشـــەی (قڕان ) ی بە کار هێناوە وشـــەیەکە بە کەمی لەو ســـەردەمە بەکارهێنراوە . کە جۆرێکە لە پارە .لەنموونەیەکی تردا شـــاعیر دەڵێت:

بەجارێ وەک گەڵا سروەی خەزانت گشتی ڕامالێ،

بەوردی هەر گەڵاییکی ، بباو ێ :قوژبن و چالێ. (رازی تەنیایی ، ٥٥)

شـــاعیر لێرەدا وشـــەی (قوژبن )ی بەکارهێناوە کە وشـــەیەکی کۆن و پەراوێزخراوە کە لە ســـەردەمی شـــاعیردا بە کەمی بەکـارهێنراوە بە مەبەستی زیندووکردنەوەی بەکاری هێناوە.

- **دیاردەی پاش و پێش خستن**

دیاردەی پاش و پێشــخســتن دیاردەیەکی هونەری و زانســتییە، کە لە ئاســـتی وشـــەدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت، کە هەر لە کۆنەوە شـــاعیران بەشێوەیەکی هونەری جێگۆڕکێ و پاش و پێشیان بە کەرەستە زمانییەکان کردووە و ڕێکخســـتنی کەرەســـتەکانیان تێکداوە، هەروەها (( لە ئاســـتی وشــە دیاردەیەکی ســەرنج ڕاکێش لای شــاعیر بەرچاو دەکەوێت ئەویش دیاردەی پاش و پێشخستنی وشەیە، لە بەر ئەوەی هەر زمانێک یا سا و ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕیزبوونی کەرەســتەکانی لە ڕســتەدا ، بۆیە شوێنی هەر وشەیەک لە زماندا ، وەک چوارچێوەیەکی گشتی تا ڕادەیەک چەسپاوە )) (ئەحمەد،٢٠٠٩، ٢٣١) واتا هەر پاش و پێشخستنێک بە پێی یاســـا دەبێت و لە هەر زمانێکدا و شـــوێنی هەر وشـــەیەک لە زماندا چەسپاوە لە ئاستی ڕستەدا، بەڵام لە کاتی قسەکردن دەکرێت وشەکان گۆڕانکارییان بە ســەردا بێت، بۆ نموونە (( لە زمانی کوردیدا بکەر دەکەوێتە ســـەرەتای ڕســـتە و کار دەکەوێتە کۆتایی ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا کار دەکەوێتە ســەرەتاو بەرکار لە کۆتاییدایە بەم پاش و پێشــخســتنە لە نێوان ڕەگەزەکانی ڕســـتە و ڕۆنانەکەی گرنگترین ئەدگاری لادانە لە ئاســـتی پێکهاتەیی. بۆیە (جان کۆهن) لە تیۆرەکەیدا گرنگی زۆری پێداوە)) (محمد ، ٢٠١٥، ١٥٤) هەروەها جگە لەوەی (( کە شــاعیر دەتوانێ ڕێکخســـتنی کەرەستە ســەرەکییەکان تێک بدات بۆ شــی هەیە هەنگاوی لەمە گەورەتر بنێت )) (کاکی، ٢٠١٢، ٢٣١ ) بە واتای ئەوەی کە شاعیر جگە لەوەی کە دەتوانێ کەرەســـتەکان پاش و پێشــبخات و لە پێش یاخود لە پاش یەکتری دابنێت دەتوانێ وەک تایبەتمەندییەکی شـــێوازی شـــیعری نوێی کوردی داهێنان لە شـــیعردا بکات ،ئەم دیاردەیەش لای (ئەحمەد هەردی) بە ڕوونی دەبینرێت ، بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونەیەک دەهێنینەوە :شاعیر لە شیعریدا دەڵێت :

ئەی دیدە پەری ! بەو دەمە ، بەو کوڵمە گوڵینە

بۆ کەس نی یە تـا ســـەر ، ئەوەرێ : ئەم گوڵی ژینە
(ڕازی تەنیایی ، ل ٥١)

لەم دێرە شــیعرەدا شــاعیر بەشــێوەیەکی بەرچاو شــوێنی وشــەکانی گۆڕیوە، لە نیوە دێری یەکەمدا شاعیر زمانەکەی تێک شکاندووە، ئەگەر بە پێی دەســـتوری زمانی لێی بڕوانین بەم شـــێوەیەی لێدێت ( بۆ کەس تا سەر نیە ، ئەوەرێ ئەم گوڵی ژینە)

ئەحمەد هەردی لە نموونەیەکی تردا دەڵێت :

لە تەنیایی شەوی ژینا ، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە

نی یە دەســـتێ ، دەرمبێنێ لە ناو ئەم گۆڕە وێرانە
(ڕازی تەنیایی ، ل ٧٩)

بەهەمان شـێوە شـاعیر دەسـتووری زمانەکە تێک دەشـکێنێ و یاری بە شـوێنی وشـەکان دەکات ئەویش لە ڕێگەی پاش خسـتنی بکەر ، کە (کوێرانە) یە ، هەروەها پێش خستنی کردارەکە (ئەنێم)ە ، کە لە بنەڕەتدا کەرەسـتەی زمانەکە بەم شـێوەیەیە ( هەنگاوی کوێرانە ئەنێم) بەهەمان شـێوە لە نیوە دێڕی یەکەمدا یاری بە شـوێنی وشـەکان کراوە و بە پێش خسـتنی کردار و پاشـخسـتنی بکەر، کە لە بنەڕەتدا بەم شـێوەیەیە (دەستێ نیە لە ناو ئەم گۆڕە وێرانە دەرمبێنێ .

- **دووبارە کردنەوەی وشە**

دووبارەکردنەوەی وشـە ڕۆڵی لە بنیاتنانی زمانی شـیعری هەیە، مەبەست لە دووبارە کردنەوەی وشە لە شێوازدا، ئەو وشانەن کە شاعیر لە شیعرەکانیدا زوو زوو دەپرژێتە سەریان و بەکاریان دەهێنێت، ئەم دووبارە کردنەوەیەش لە هەموو شـوێنێکدا دەردەکەوێت ، واتە لە سـەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییشدا هەیە، ئەم دیاردەیەش وا دەبێت کە وشە یەک بۆ چەند جارێک لای شـاعیر و لە دیوانەکەیدا دووبارە دەبێتەوە، ئیتر لە دێڕێک بێت یان لە پارچە و کۆپلەیەکدا یاخود لە شـیعرێکدا بێت وەک وە هاو واتا بێت یاخود جیاواز بێت ، زۆر جار دووبارەکردنەوەی ئەم وشانە بە وشـەی (کلیل)ی ناو دەبرێت ، کە شـاعیران پێی دەناسـرێنەوە ، ئەم دووبارە کردنەوەیەش شاعیر بە مەبەست و جەخت کردنەوە و پێداگرتن لە سـەر شـتەکە دەیکات ، ئەمەش وا دەکات سـەرەنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشـێت و لە هەمان کاتیشـدا پتەو و بەهێز و جوانتری بکات ، شـاعیر ئەحمەد هەردی لە دووبارەکردنەوەی وشـەدا سـەرکەوتووانە مامەڵەی کردووە و مۆسیقای پێ رازا و جوانتر کردووە .

بۆ نموونە شاعیر لە شیعرەدا دەڵێت :

دڵ ئەبێتە قەترەیی خوێن و لە دیدەم شەڕ ئەکا

هەر کە ڕابووی بە دڵما سوحبەتی جارانی شەو (رازی تەنیای ، ٦٧)

لێرەدا شاعیر وشەی (دڵ)ی مەبەستە کە شاعیر بە ڕێژەیەکی زۆر لە کۆی دیوانەکەی بەکاریهێناوە ، هەروەها وشەی گوڵش بەهەمان شێوە لە نێو دیوانی رازی تەنیایی (٢٨) جار وشـەی گوڵی دووبارە کردۆتەوە، کە دەڵێت :

تۆم ئەوێ وەک گوڵ لە باخی ماڵی مندا هەڵبدەی

نەک گوڵی سـەر مێزی ئیمڕۆ بێت پێخوسـتی سـبەی (رازی تەنیای ، ٧١)

- **دیاردەی زیادکردنی وشە**

واتا زیادکردنی دەنگێک یان کەرەستەیەک یان وشەیەک لە رستەدا، ئەم زیادکردنە لە رووی ناوەڕۆکەوە رستەکە پێویستی پێی نییە و ماناکەی گەیشتووە، بەڵام لە پێناوی روخسار و کێش و سەرواوە دەیکات، ئەمەش پێچەوانەی قرتاندنە، هەروەها شاعیر زیادکردنی وشە بە مەبەستی هاوسەنگی کێش و سەروای دێرە شیعرەکە دەکات، کە وشەیەکی زیاد دەخاتە ناو دێرەکەوە، کە لە بنەمادا پێویستی نییە و لابردنیان نابێتە هۆی ئەوەی بیرۆکەکە کەم و کورتی تێ بکەوێت، چونکە دێرە شیعرەکە مانای تەواوی خۆی دەگەیەنێت ، بۆ نموونە شاعیر لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت :

گیانەکەم ! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە

بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ ، کوژراوی ئەو چاوانەیە

(رازی تەنیای ، ٦٨)

وشەی (ئەمما) لێرەدا زیادەیەو پێویست نییە، بەڵام لە پێناوی ڕاگرتنی کێش و سەروا شاعیر بەکاریهێناوە . لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت :

بەڵێ ئەوسا دڵێکم بوو ، کە سەرچاوەی ژیانم بوو

دڵی مەڵبەندی ئاوات و تەوژم و تینی گیانم بووە

(رازی تەنیای ، ٥٩)

لێرەدا شاعیر هاتووە وشەی (بەڵێ)ی بۆ دێرە شیعرەکەی زیاد کردووە، چی بۆ جەختکردنەوە و چی بۆ ڕاگرتنی کێشەکەی .هەروەها لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت :

دەست لە گەردن ، تاکو مردن شۆخ و شاد ، شۆخ و شاد

خەمی دنیا بە ماچ بدەین بە باد ، هەر بە باد

(رازی تەنیای ، ٥٤)

لە کۆتایی نیوە دێری یەکەمدا دووجار (شۆخ و شاد)ی بە دوای یەکدا بەکارهێناوە ، دووەمیان زیادە و شاعیر بۆ راگرتنی هاوسەنگی کێشەکەی زیادی کردووە .

## بەشی دووەم

## تەوەری دووەم

- **وێنەی شیعری**

گەلێک بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی چەمکی وێنەی شیعری هەن و هەر لە سەرەتاوە شارەزایان و پسپۆران دەربارەی ئەم بابەتە دواون ، بۆیە وێنەی شیعری (( ئاماژە بۆ وشەی (Image) ی ئینگلیزی دەکات و هاوبەشە لە گەڵ رەگی ئەندێشە (Imagintion) و پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوانیاندا، چونکە ئەندێشە وێنە لە شیعردا بەرجەستە دەکات و

لە مەودای مەعریفەدا هاوبەشـــن )) (ئەمین ، ٢٠٠٢ ، ١١ )، واتا وێنەی شـیعری نابێت ئەندێشـەی تێدا فەرامۆش بکرێت ، هەروەها (( ئەندێشـە بەرامبەر بە زاراوەی (خیـال) ی عەرەبی و(Imagintion)ی ئینگلیزی چەسـپاوە)) (شـێخ بزێنی، ٢٠١١ ، ١٥٧ )، واتا خەیاڵ رەگەزێکی دیارە لە وێنەی شـیعری و یەکێکە لە نهێنییەکانی شـیعر، بۆیە وێنەی شـیعری گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە ناو شـیعردا، هەر لە بەر ئەوەیە کاتێک دێرە شـیعرێک دەخوێنیتەوە هەسـت بە وێنەیەک دەکەیت کە لە ناو وشـەکاندا رەنگی داوەتەوە

هەروەها (( وێنە لە شیعردا ئەو شێوەیەیە کە سۆزی تێدا دەنوسێتەوە و بەرجەسـتەی بیروڕاکانی دەکات، دەسـتنیشـانی ئەو شـتە دەکات کە دەیەوێ بیگەیەنێت، ئەو دەرپڕینەیە کە هەست و بیری شاعیر دەگوازێتەوە و پشـت بە بەرجەسـتەکردن دەبەسـتێت )) (شـێخ بزێنی،٢٠١١، ١٤٩)، هۆکاری دەرپڕینی وێنە ئەو هەسـت و سـۆز و خەیاڵەیە کە لە ناخ و دەروونی شاعیر پەنگی خواردووەتەوە ، کە کاریگەر بووە بەهۆی دیاردەیەک لە ژیاندا، بۆیە هۆش بۆ لای دەچێت شیعرێک دەنووسێت و وێنەیەکی تیادا بەرجەستە دەکات .

(سی دی لویس)ش لە بارەیەوە دەڵێت (( وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا وێنەیەک بە وشـە وەسـف و خوازە و لێکچواندن وێنە دروسـت دەکەن)) (مستەفا ،٢٠٠٧ ، ٩٦)، شاعیر کە شیعر دەنووسێ هەر چەندە سـادە بێ لە مانادا هەر هەڵگری وێنەیەکە بەجۆرێک لە جۆرەکان تێدا بەرجەسـتە دەبێـت، جـا چ وێنەی جوڵاو وەسـتـاو بێـت یـان بە پێی هەستەکانی مرۆڤ بێ وێنەکە دەکێشێ .

- **وێنەی شیعری بە پێی هەستەکان**

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەر یەکێک لە هەسـتەکانی مرۆڤ دەکەوێت و شـاعیر لە دەوروبەریدا هەسـتیان پێ دەکات و بەشـێوەیەکی هونەری دەریان دەبڕێت، وێنە هەسـتییەکانیش ئەمانەن : ( هەسـتی بینین ، هەسـتی بیسـتن ، هەسـتی بۆنکردن ، هەسـتی چەشـتن ، هەسـتی بەرکەوتن) .

### أ- وێنەی هەستی بینین

ئەو وێنانەی لە رێگای چاوەوە دەبینرێت و دەکەوێتە بەر ئەو هەسـتە، هەستی بینین رەنگ و درەوشانەوە و دوور و نزیکی شتەکان بۆ چاوەکان دەگرێتەوە، هەر بۆیە بە دایکی هەسـتەکـان دادەنرێـت ، هەروەهـا (( شـاعیران بۆ ئەفراندنی وشـەکان کەڵک لە ئەزموون گەلێ عەقڵی و هەستی بینین ژیانی خۆیان وەردەگرن)) (عیسا ،٢٠٠٩ ، ١٤٢)، هەستی بینین لە سـەرەکیترین هەسـتەکانی مرۆڤە، کە کاریگەری بۆ مێشـک و دەروون و ناخی شـاعیر دەگوازێتەوە، چونکە مرۆڤ تاکو شـتەکان نەبینێ کاریگەری لە سەر دەروون و خەیاڵی دروست ناکەن .

هەردی شاعیر بەو کەرەستە و بابەت بۆ وێنە شیعری دەوڵەمەندە، بیر و خەیاڵێ بەرفراوانی هەیە، هەموو دەم سۆزەکانی گریانی لێ بەرز بۆوتەوە، فەرهەنگی و شەکانی جۆراوجۆرن و ئەزموونە دوور و درێژەکەی و شارەزایی تەواوی لە هونەرەکانی شیعر، هەموو ئەمانە رێ خۆشکەربوون بۆ ئافراندن و خوڵقاندنی وێنەی شیعری لە شیعرەکانیدا شاعیر لە شیعرێک بۆ نموونە دەڵێت :

ئەو گەردنە بێگەردە کە وەک درەختی بلوورە

ئەو لێو کە وەک خونچە تەڕ و ناسک و سوورە (ڕازی تەنیایی ، ٥١)

شاعیر لە رێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (خونچە تەڕ و ناسک و سوورە) وێنەیەکی شیعری دروست کردووە ، کە بەر هەستی بینین دەکەوێت ، مەبەستی شاعیر لێرەدا چواندنی لێوی یارەکەیەتی بە گوڵە خونچەیەک کە بەهۆی بینینەوە ئەم هەستە دروست بووە لای شاعیر.لە شیعرێکی تردادەڵێت :

بەژن و باڵەکەت نموونەی : هەیکەلی یۆنانی یە

لار و لەنجەت مۆسیقایە ، بەستەیە ، گۆرانی یە (ڕازی تەنیایی ، ٦٨)

شاعیر لەم دەقەدا دەستەواژەکانی (بەژن و باڵا ، هەیکەلی یۆنانی یە) ی بەکارهێناوە و وێنەیەکی بینینی ناوازەی دروست کردووە ، کە بەر هەستی بینین دەکەوێت .

## ب-هەستی بیستن

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەر هەستی بیستن دەکەون و لە رێگەی بیستنەوە درکیان پێ دەکەین، ئەو وێنانەی دەنگین یان هەر جۆرێکی لەو بابەتە بەر ئەو هەستە دەکەوێت کە گوێیەکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە، بۆیە (( هەر وێنەیەکی شیعری لە سەر بنەمای دەنگ یان ئاواز یان مۆسیقا بنیات نرابێ ، ئەوا لە رێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگرێ و هەست بە خۆشی و جوانی وێنە دەکرێت )) (شێخ بزێنی ، ٢٠١١، ١٨٨ ) واتا هەر وێنەیەکی بیستن هەبێت ئەوە بەهۆی دەنگ و مۆسیقایەکەوە بە گوێمان دەگات لە کاتی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە بەرەو جیهانی دەنگ و مۆسیقا دەچن و مۆسیقا و دەنگەکان بەر گوێمان دەکەون .بۆ نموونە شاعیر لە دێرە شیعرێکدا دەڵێت :

ئیجا دەنگی هات وەک نەی دڵگیر بوو

پڕ نەغمەی شادی و هۆنراوەی بیر بوو ( نامەی دڵ،٥٣)

وێنەیەکی هەستییە و بەر هەستی بیستن دەکەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەر یەک لە دەستەواژەکانی (نەی و نەغمەی شادی) وە ، شاعیر لە دەقەکەدا وێنەی دەوڵەمەندی و خۆش گوزەرانیمان بۆ دەکێشێت . هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

لە گەڵ هاوار و گریانی هەژارانا لە شینا بوو

لەگەڵ ناڵەی کەسانا لە خورپە و ڕاچەنینا بوو (رازی تەنیایی ، ٥٩)

شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەکانی ( هاوار و ناڵە) وێنەیەکی جوانی دروست کردووە، کە لە ڕێگەی هەستی بیستن وەردەگیرێت، مەبەستی شاعیر لێرەدا ئەوەیە کە هاوار و ناڵینی خۆی لە گەڵ هەژاران تێکەڵ کردووە .

## ت- هەستی بۆنکردن

هەندێ وێنەی شیعری هەیە بەر هەستی بۆنکردن دەکەون، ئەمەش لە ڕێگەی ئەندامی لووتەوە هەست بە شتەکانی دەوروبەرمان دەکەین، بۆیە (( زۆرێک لە وێنەکان بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە دروست دەبێ لە دونیادا گەلێ بۆنی جۆراوجۆر هەیە، هەر بە ناوهێنانی ئەو مادە و گوڵ و گوڵزارانەی پەیوەندییان بە بۆنەوە هەیە، وا لە گوێگر دەکەن یەکسەر لە ڕێگەی بۆنکردنەوە هەستیان پێ بکات و وێنەیەکی لە لا گەڵاڵە بکات بەمەش وێنە لە سەر بنەمای هەستی بۆنکردن بنیات دەنرێت)) (عبدالکریم، ٢٠١٧ ، ١٤٥ ) ، هەندێ جار مرۆڤەکان بۆنی گوڵێک دەکەن لە هەمان کاتدا خەیاڵیان بۆ شتێکی تر دەچێت و وێنەی هەستی بۆنکردنیان لا دروست دەبێت ، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت :

گوڵی بێ بۆنی جوانیت و بزەی سەرلێوی زەهراویت

بەتاپۆی یادگاری تێکشاوی بێ سەروپێوە ( رازی تەنیایی ، ٥٧)

شاعیر لە ڕێگەی دەستەواژەی (گوڵی بێ بۆنی ) هەستی بۆن کردنی بەکارهێناوە و بەشێوەیەکی هونەری جوان بەکاریهێناون و وێنەیەکی شیعری لێ دروست کردووە کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت. هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

وەنەوشە شۆری کرد سەری ، لە عەرزە تا گوڵ هەڵوەری

شەوبۆ لە بۆن بوو بێبەری ، بە زوڵف و کوڵم و خاڵەوە ( نامەی دڵ ، ٥٥)

شاعیر لەم دەقەدا لە دەستەواژەی (شەوبۆ لە بۆن بوو بێبەری) وێنەیەک دەکێشێت بەهۆی هەستی بۆن کردنەوە ، کە بۆنی گوڵی شەوبۆ چەند

بۆنی خۆشـە ، بەڵام لە چاو بۆنی گوڵێک کە یارەکەیەتی شـەوبۆ لەو بۆنە خۆی لادا ، واتا گوڵی شـــەوبۆ خۆی لە ئاســـتی یارەکەی نادات بۆ بۆن خۆشی .

## پ-هەستی چەشتن

چەشـــتن ئەو هەســـتەی کە وێنەی تاڵی و ســـوێری و شـــیرینی رووداوەکانی ژیانی پێ دەکێشـێ، بۆیە هەسـتی چەشـتن (( یەکێکە لە هەســـتە گرنگەکانی مرۆڤ، چەشـــتن یان چێژین و چێژ وەرگرتن تەنها لە رێی دەم زمانەوە نییە، بەڵکو هەندێ جار بەهۆی گەشـــت و ســـەیران و خۆشییەوە هەست بە چێژێکی زۆر دەکەین، هەستێکی خۆش و شیرین دەردەبڕین، بە پێچەوانەشەوە لە کاتی خەم و ماتەم و ناخۆشیدا ئەوپەڕی ناســـۆری و تراژیدیا و ئازار دەچێژین، ئەمەش هەســـتێکی تاڵمان پێ دەبەخشێت )) (عبدالکریم،٢٠١٧، ١٤٣ )، واتا جگە لە ناوە جۆراوجۆرەکانی خواردن و خواردنەوە ، رووداوەکـانیش خۆشـــی و نـاخۆشـــییەکـانی بە هەستی چەشتن هەستی پێ دەکەین ، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت :

بە دەستی خۆت ، کە جامت ختە سەر لێوت غەشیمانە

ئەگەر زەهریشـــی تێدا بوو ، گوناحی خۆتە بیزانە

(رازی تەنیایی ، ٨٣)

شـــاعیر لێرەدا لە رێی وشـــەی (زەهر) وێنەیەکی هەســـتی چەشـــتن دروست کردووە ، کە شاعیر وشەی (زەهر)ی بە واتای تاڵی بەکارهێناوە .هەروەها شاعیر لە نموونەیەکی تردا دەڵێت :

سا با لە بەرامبەر شەڕی ئەم ژینە بوەستین

تاڵی ، کە نەچێژین لە ژیان سەر کز و پەستین (

نامەی دڵ ، ٤٩)

شـــاعیر ئەم وێنەیەی لە رێگەی هەســـتی چەشـــتنەوە خوڵقاندووە و هاتووە وشـەی (تاڵ)ی خواسـتووە بۆ ناخۆشـی لە ژیاندا ، لێرەدا وشـەی (تاڵ) بۆ مانای دروســـتی خۆی بەکارنەهاتووە ، بەڵکو بۆ واتایەکی تر کە ئەویش ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ژیانە بەکارهاتووە .

## ج- هەستی بەرکەوتن

هەستی دەست لێدان یان هەستی بەرکەوتن ئەو وێنانە دەگرێتەوە ، کە مرۆڤ بەهۆی دەســـتییەوە لای دروســـت دەبێت ، وەک (ســـاردی ، گەرمی ، نەرمی ، رەقی) ، بۆیە ((دەســـت لێدان دروســـت دەبێت و کاتێک شاعیر هەر ئەندامێکی لاشەی بەر شتێک دەکەوێ و هەستێکی ناوازەی لا دروســـت دەبێ و وێنەی شـــیعری جێبەجێ دەکات )) (مســـتەفا،٢٠٠٧، ١١٣)، واتا کاتێک شـــاعیر ئەندامێکی لەشـــی بەر شـــتێک دەکەوێت ئەوە خەیاڵی دەڕوات و وێنەی دەســـت لێدانی لا دروســـت دەبێت، هەروەها ((

ئەو وێنانەی کە دروست دەبن یەک لەم سیفەتانەیان تێدایە ( ساردی ، گەرمی ، نەرمی ، رەقی ، توندی ، شلی ، لوسی ، زبری ، تیژی ، خاوی ،خێرایی ، هێواشی ، بەهێزی ، بێ هێزی ....هتد)) (عبدالکریم ، ٢٠١٧ ، ١٤٦ )، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت :

نی یە جوانێ ، سەر کاسم بنێمە سەر دڵی نەرمی

کە هیلاکی لەشم دەرکا ، خەوی سەر باوەشی گەرمی (رازی تەنیایی ، ٧٩)

لەم دەقەدا شاعیر کاتێک دەڵێت (دڵی نەرمی ، باوەشی گەرمی) وێنەیەکی شیعری جوانی دروست کردووە، کە بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە هەستی پێ دەکرێت ، لێرەدا شاعیر هاتووە وێنەی ئەو کاتەی کێشاوە کە لە گەڵ خۆشەویستەکەی دابێت .هەروەها لە نموونەیەکی تردا دەڵێت :

گۆنات هەڵمژم پڕ بە دەم

سور هەڵگەڕێ هێندەی ماچ کەم (رازی تەنیایی ، ٥٤)

شاعیر لەم دەقەدا لە رێگەی هەستی بەرکەوتنەوە وێنەیەکی شیعری جوانی نەخشاندووە ، کاتێک باس لە جوانترین و خۆشترین کات دەکات لە رێگەی بەرکەوتنی لێوی بەر گۆنای خۆشەویستەکەی کەوتووە ، لە نیوە دێری دووەمدا بەر هەستی بینین کەوتووە کە سوور هەڵگەڕان بە چاو بینینە .

- **ئەفسانە**

ئەفسانە یەکێکە لەو بەها ئیستاتیکییانەی کە لە شیعری نوێدا گرنگی پێدەدرێت، زاراوەی (( ئەفسانە (Myth) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Mythos) کە بە واتای (وشەی وتراو) دێ، پاشان ئەم وشەیە وەرگیراو وای لێهات واتای (چیرۆکی خوداوەندەکان بگەیەنێت ))) مستەفا ،٢٠٠٧ ، ١٣٤ (، هەروەها ئەفسانە لە زۆربەی زمانە بێگانەکاندا (( بەرامبەر بە وشەی (Myth) و (Mythos) ە ، کە بریتین لە شێوە گێڕانەوەیەکی راستەوخۆ کە بە ئاسانی تێکەڵ بەو شێوانە نابێ کە بۆنی خرافەتیان لێ دێ )) (شێخ بزێنی، ٢٠١١ ، ١٦٤)، هەر سەبارەت بە ئەفسانە (عیزەدین مستەفا رەسول)یش دەڵێت : ((گەر لە کونجی فەلسەفەوە پروانینە ئەفسانە ئەتوانین بەجۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دابنێین ، هەروەک بە هەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ ئەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت)) (محمد ،٢٠١٥، ١٤٨ )،

هەروەهــا (رولان بــارت) دەڵێــت : (( هەموو شـــــتێـک دەتوانێ ببێ بە ئەفســـــانە)) (گەرمیانی ، ٢٠٠٩ ،٥٣ ) ، شـــــاعیر (ئەحمەد هەردی) لە نموونەیەكدا دەڵێت :

بەژن و باڵات نموونەی : هەیكەلی یونانی یە،

لارولەنجەت مۆسیقایە ، بەستەیە ، گۆرانی یە (ڕازی تەنیایی ، ٦٨)

شــــاعیر لێرەدا بەژن و باڵای یاری چواندووە بە هەیکەلی یونانی ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەفســانەیە کە لەم شــیعرەدا بەکاری هێناوە .هەروەها لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت :

گەرچی دڵداری لە خاكی ئێمەدا ، ئەفسانەیە

هەر بە تەنیا بۆ كوڕی خاوەن تەلار و عانەیە

گیانەكەم ! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە

بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ ، كوژراوی ئەو چاوانەیە (ڕازی تەنیایی ، ٦٨)

لێردا شــاعیر مەبەســتی ئەوەیە کە خۆشــەویســتی تەنیا بۆ کەســانی خــاوەن پــارە و مــاڵ و موڵکە ، کەســــانی هەژار بەدەرن لێی و نــاتوانن خۆشـــەویســـتی بکەن و لێرەدا وشـــەی (ئەفســـانە) وەکو ئەفســـانە بەکارهاتووە ، لەم شــیعرەدا ئاماژە بۆ خۆشــەویســتی ئەفســانە دەکات .شاعیر لە شیعرێکیدا بە ناوی (ئەی دیدە پەری) دەڵێت :

نایزانێ کە هەر پەنجەیێی لەم خاکی زەمینە

کوڵمی دە هەزار (لەیل) و دەمی ســـەد (مەم و زین) ە (ڕازی تەنیایی ، ٥١)

لێرەدا شـــــاعیر باس لە واقیعی ژیان دەکات و وەکو ئامۆژگارییەک بۆ کەســـــی بەرامبەر بەکاری هێناوە ، کە ژیان بۆ هیچ کەســـێک نامێنێت و هەموو کەسـێک دەبێت تامی مردن بچێژێت ، شــاعیر وشــەی (لەیل) ی بەکارهێناوە کە مەبەســت لە ( لەیل و مەجنوونە) ، هەروەها (مەم و زین) مەبەســـت لە داســـتانی مەم و زینە و وەکو جێگرەوەی ئەفســـانە لە شیعرەکەیدا بەکاریهێناوە

- **ڕەمز**

ڕەمز بەهایەکی ئیســـتاتیکی (جوانکاری) شـــیعرە کە دیاری کردنی پێناســـە و لە قاڵبدان و دانانی چوارچێوەیەک بۆی کارێکی ســادە و ئاســان نییە، هەروەها پانتاییەکی فراوانی لە شیعری نوێی کوردیدا داگیر کردووە، چەمکی ڕەمزیش (( بریتییە لە بەکارهێنانی وشــەیەک یا دەســتەواژەیەک

یـان رســـــتەیەک کە لە دوو توێـدا جگە لە واتـا رووکەشــــەکەی خۆی مەبەســــتێک خۆی حەشـــــار دابێت )) (ئەحمەد ،٢٠٠٩، ٢١٥ )، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە رەمز دوو واتا دەبەخشێت ، یەکێکیان ڕوون و ئاشــــکرایە و هەموو کەس لێی تێدە گات، بەڵام وا تاکەی تری نهێنی و شــــــاراوەیە و مەبەســــتێکی لە پشــــتەوەیە، زاراوەی رەمز لە زۆربەی ز مانە کانی جیهانـدا بە کارد ێت (( لە ز مانی ئینگلیزی (Symbole) و لە زمانی ئەڵمانیدا (Symbol) و لە زمانی فەرەنسیدا (Symbole) و لە زمانی ئیسپانیدا ( Simbolo) و لە زمانی عەرەبیدا (الرمز) و لە زمانی کوردیشدا رەمز و هێما و جەفە نگ بە کارد ێت )) (محمد ،٢٠١٥، ١٣٨ ). هەربۆیە شــــاعیر رەمز بەکاردێنێت بۆ شــــاردنەوەی واتایەکی دیار و ئاشــــکرا و بە پێچەوانەشـــــەوە واتایەکی ئاشـــــکرا بە مەبەســــت بەکاردێنێ، هەروەها (مەحموود زامدار) دەڵێت : (( بێ رەمز نە شیعر هەیە و نە خەوبینین و نە دوێنێ و نە ئەمڕۆ و نە بەیانی، لە نێو رەمزدا ژات و مەوزوع ، خەون و واقیع ، زانست و سیحر بوون و نەبوون یەک دەگرن))(عبدالكريم، ٢٠١٧ ، ٥٥)

ئەحمەد هەردی لەنموونەیەکدا دەڵێت :

فاتمە ! دوو چاوی مەستی ، پڕ تەلیسمی جوانی یە

پڕ شـەرابی خۆشـەویستی و عارەقی یەزدانی یە

بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانی یە

لار و لەنجەت مۆسیقایە ، بەستەیە ، گۆرانی یە

(ڕازی تەنیایی ، ٦٨)

لێرەدا شـــــاعیر وشــــەی (ســــت فاتمە)ی وەک رەمزێک بۆ کچێک بەکارهێناوە، کە ســـەراپای شـــیعرەکەی داگیر کردووە، کە ناوەڕۆکی ئەم شــیعرە باســی چینایەتی و جیاوازی چینایەتی تێدایە، کە شــاعیر کچێک ســـەرنجی راکێشــابوو، ئەو کچەش هەمان هەســتی بەرامبەر شـــاعیر هەبووە، لێرەدا وشـــەی (ســــت) ناوی چەند مامۆســــتایەکی ئافرەتی قوتابخانەیە و شــاعیر وشــەی (ســت)ی بەکارهێناوە و هەر یەکە بە پێی ئەو جوانییەی کە تێیدایە پێیدا هەڵبدات ، هەروەها ئەو کەســـــەی ئەم شـــیعرەی بۆ دانراوە شـــتێکی ڕاســـــت نییە، بەڵکو ناوی (فاتمە) ئەوە ناگەیەنێت کە ناوێکی راســتەقینە بێت، بەڵکو وەک چۆن لە گەلێ چیرۆکدا ناوی خواستەمەنی بۆ قارەمانی چیرۆکەکە دادەنرێت، ئەمەش شتێکە لەو جۆرە .

بەهەمان شێوە شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

بەڵێ ئەوسا دڵێکم بوو ، کە سەرچاوەی ژیانم بوو

دڵێ : مەڵبەندی ئاوات و تەوژم و تینی گیانم بوو

دڵێ گوڵزاری دڵداری و بەهەشتی خۆشەویستی بوو

وەکو بتخانە مەیدانی بتی جوانی پەرستی بوو (رازی تەنیایی ،٥٩)

لەم شیعرەدا شاعیر وشەی (دڵ) ی وەکو رەمزێک بەکارهێناوە ، کە دڵ ئاماژە بۆ دڵە واقعەکە ناکات ، بەڵکو ئاماژەیە بۆ خۆشەویستەکەی ، بەڵام ئەو کچە هیچ هەست و سۆزێکی بەرامبەری نەجولاوە ، کە شاعیر بە دڵ رەق و بێ هەست و سۆز لە قەڵەمی دەداو وەکو بت و بێ روح و بتی بتخانەکان ناوی دەهێنێ .

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەست هاتوون لە چەند خاڵێکدا کورتیان دەکەینەوە

١- ئەحمەد هەردی لە مەیدانی وشە و زاراوە زۆر دەوڵەمەند بووە ، هەروەها شارەزا بووە لە ڕێکخستن و هەڵبژاردنی وشەدا .

٢- ئەحمەد هەردی لە شیعرەکانیدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لادانی و شەیی بەکارهێناوە چی لە لە تێکدانی رۆنانی وشەو کرتاندن و کۆنگەڕایی و لادانی دیالێکتی .

٣- یەکێکی تر لە دیاردەکان لە لای ئەحمەد هەردی کە شێوازێکی تایبەتی شاعیرە ئەویش دیاردەی پاش و پێش خستن و دووبارە کردنەوەی وشەیە ، کە لە سەرجەم هۆنراوەکانیدا وشەکانی (دڵ و گوڵ) بە ڕێژەیەکی زۆر دووبارە کردۆتەوە .

٤- ئەحمەد هەردی لە نووسینی شیعر و دروست کردنی وێنە شیعریەکانیدا زمانێکی سادە و ڕەوانی بەکارهێناوە ، کە نزیکە لە زمانی رۆژانەی خەڵک و هەموو کەس بە ئاسانی لە شیعرەکانی دەگەن .

٥- لە رووی ئەفسانەوە ئەحمەد هەردی ئەفسانەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لایەنێکی جوان و ئیستاتیکی ببەخشێ بە شیعرەکان .

٦- رەمز دیاردەیەکی گرنگی ئەدەبە ، کە لە نێو شاکارەکانی ئەحمەد هەردیدا رەنگیداوەتەوە و سەرکەوتووانە رەمزی لە نێو هۆنراوەکانیدا بەرجەستە کردووە.

## References

**Yakam:kteb**

**-ba zmani kurdi**

-Aryanebraheem,shewaza adabyakni Rwzhnamigabat,chapiyakam, chapkha nai Roshnberi,hawleer,2011.

-Ahmad hardi,namai dll,amadakrdn wsagkrdnaway:kurdstan mokri, chapi yakam, chapkhanai rozhalat,hawleer,2018.

-Edrees Abdulla,shewaz w shewazgari, chapi yakam, chapkhanai rozhalat, hawleer,2010.

-Pakhshan ali ahmad ,shewazi shari Goran, chapi yakam, chapkhanai Ranj, slemani,2009.

-Hama nori omar kaki, shewazi shari newi kurdi,chapi yakam, chapkhanai roon, slemani,2012.

-Hama nori omar kaki, shewazi la shari classici, chapi yakam, dazgai chap w pakhshi sardam, slemani,2008.

-Hosen kalari, shewaz la sharakani farhad shakali, chapi yakam, chapkhanai yad, slemani,2011.

-Zhoan abdusalam azez gardi, shewaz la sharakani kamaran mokreda la zhyr roshnay kotabkhanai(feloje), chapi yakam,chapkhanai Roshnberi, hawleer,2018.

-Saad farook yoosfshekhbzayni,bnyati honarila shari ahmad mokhtar bagi jaff, chapi yakam,chapkhanai Roshnberi, hawleer,2011.

-Saleem Rasheed, shewaz la korta chrooki kurdi, chapi yakam, chapkhanai rozhalat,hawleer,2012.

-Sharmeen Ebrheem Azeez,pashew tazakrdnawa lasharikurdid, wazaratiroshnberi, hawleer,2006.

-Shaban chali, shewazi shari jazeri, chapi yakam, chapkhanai haji hashm, hawleer,2008.

-Safya mahamad ahmad, ladan la shari hawchrkhi kurdida, chapi yakam, chapkhanai haji hashm, hawleer,2013.

-Safya mahamad ahmad,shewazi shara kurdiykani perbal mahmood, chapi yakam, chapkhanai rozhalat,hawleer,2014.

–Abdull khalq yaqwbi,dangi bloreni dag, chapkhanai raz, slemani,2003.

-Abdullqadr mhamad amen, wenai shari la rebazi romanteg, chapi yakam, dazgai chap w pakhshi sardam, slemani,2002.

-Fazl majeed(dr), sroosht la shari Goran, , chapi yakam, dazgai chap w pakhshi sardam, slemani,2007.

-Marewan hosen farhan,jwankarilashari wafayda,chapiyakam,chapkhanaipanjara, slemani,2017.

-Hawzheen slewa essa, bnyati wenai hwnari la shari sherko bekasda, chapi yakam, dazgai chap w pakhshi sardam, slemani,2009.

**-Ba Zmani Arabi**

-Adones,thabt w almtahawl( sadma alhadasa) t5,1986

-Moner sultan, badealtarkeb fi shar abi yamam , mesr, 1997.

-Nasr hamd ado zaed, mafhomalnzam anda abdullqahr jarjani,mesr, mjlat fsool.adad1,1984.

-Hnresh bleth, blaga w alaslobeya nahwa nmozj semuaya ltahleel alnas, tarjamtw altaqdem w altaleq , dr. mhamd alamri, afreqa alshrq, bayrot-lobnan,1999.

**-Dooham: Farhang**

-Hosen yara ahmad w Osman ali mahmood, farhangi trefa, (kurdi- arabi- englezi) , chapi yakam, chapkhanai waqf alhalep, baghdad,2011.

-Salam nawkhosh, farhangi aksfoordi new(englezi- kurdi) chapi dooham, chapkhanai manara, hawleer,2003.

-Keew mokryani, farhangi kurdstan,( kurdi- kurdi), chapi yakam, chapkhanai aras,hawleer,2000.

-Fazel nezamaden, farhangi shreen, (arabi- kurdi), chapi dooham, dazgai chap w blaekrawai badrkhan, slemani,2003.

-Fazel nezamaden, farhangi astera gasha, chapi yakam, chapkhanai wazarati parwarda, hawleer ,2003.

- Hazhar, farhangi hanbana borena( kurdi- farsi), chapi yakam, tahran, 1329.

**-Syham- Dewani shaeran**

-Ahmad hardi, Dewani razi tanyaei, chapi dooham, chapkhanai zankoi slahadeen, hawleer,1984.

**-Chwaram- Namai Akademi**

-Aso omar mstafa, bahi estateki shari lai peramerd w shekh noori shekh salh w goran, namai mastar, bashi zmani kurdi, kolezhi zman, zankoi slahadeen, hawleer,2007.

-Shyaw ali abobakr, shewaz la romani ( dwahameen hanari dnya) bakhtyar ali, namai mastar, bashi zmani kurdi, kolezhi zman, zankoi slahadeen, hawleer,2007.

-Azadeen sabr mhamad, shewazi honrawakani shekh noori shekh salh, , namai mastar, bashi zmani kurdi, skoli zman, zankoi slemani, slemani 2015.

-Hawker ali abdullkarem, shewazi shari sabri, , namai mastar, bashi zmani kurdi, kolezhi parwarda, zankoi chrmo, chmchmal, 2017.

-Hogr joma hama karem, wena la taqekrdnawai shari abdullpasheuda, namai mastar, bashi zmani kurdi, kolezhi parwarda, zankoi raparen- qaladzi, 2017.

**-Pynjam-Govar w Rozhnama**

-Adil karmyani, hemakani naoroz la shari kurdida, govari zankoi koya, zhmara(13) . koya,2009.